سەرۆک کۆمار جەخت لەگرنگی پەرەپێدانی تواناکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەکاتەوە



سەرۆک کۆمار لەمیانی پێشوازیکردنی لە فەرماندەی نوێی نێردەی ناتۆ لەعێراق جەختی لەگرنگی پەرەپێدانی تواناکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق کردەوە.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبەع کوتووە باویکردەوە "سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ چوارشەممە 21ی ئایاری 2025، لە کۆشکی بەغداد، پێشوازی کرد، لەژێنەڕاڵ کریستۆفەر هەنتزی، فەرماندەی نوێی نێردەی ناتۆ لەعێراق بە ئامادەبوونی فەرماندەی پێشوو ژێنەڕاڵ لەکاس شوایەرز.

لەمیانەی دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار، بەخێرهاتنی هەردوو سەرکردەی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن لە ئەرک و کارەکانیان و باسیان لەچەندینیەتی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و هاوپەیمانی ناتۆ کرد لەبوارەکانی پەیوەست بە بنیاتنانی توانا و پاڵپشتی لەجستی بە هێزە چەکدارەکانی عێراق و هاوڕێکاری و هاهێنان .

وتیشی سەرۆک کۆمار ئاماژەی بەگرنگی پەرەپێدانی تواناکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و توانایان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ئەمنییەکان کرد، کە ببێتە مایەی چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری.

هەر لە دیدارەکەدا پێداچوونەوە بە دۆخ وپێشهاتە ئەمنییەکانی ناوچەکە کرا و ڕەشید دوپاتی لە گرنگی

فراوانکردنی هاریکاری دوو قۆڵی نێوان عێراق و ناتۆ کردەوە، بەجێرێک کەبڵۆبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و ئاسایشی ئەلکترۆنی و سیستمی هەواگری لەخۆ بگرێت بۆ ووبووونەوەی تیرۆر.

لێلای خێوەت ژنانان کریستۆفەر هەنتزی، سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرۆک کۆمار و پەرلەشی بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ ناتۆ دەربڕی، جەختیشی لەهەوڵەکانی ناتۆ بۆ سەرخستنی ئەرکەکانی لە عێراق کردەوە بۆ شۆڕیەک کەخواستەکانی گەلی عێراق بۆ ئاسایش و سەقامگیری بدەبەهێنێت.